# كوردستان

پۆلا سەعید

بۆ ئێوە بستێک لە بەژنم
بە ساغیی نەماوە
بۆ ئێوە سەدان ساڵە کڵپە
لە سەراپای گیانم هەڵساوە،
پاییزی ئاژاوەی نێوانتان
چارەنووسی تەڵخ کردووم
دەسا بۆچیی بۆ لوتکەی کورسیی و دۆلار
هۆشتان بە فیچقەی خوێنی گەروومەوە نەماوە؟!
لە سای سەری ویژدانتانەوە
خاکێکی کووت کووت و
لەت لەتم
تەماشاکەن ئازارێکی چەند بەناڵە و

کوردستانێکی چەند نەگبەتم،
هەردوو یەقینی عەشیرەتگەرییتان
سەرلەنوێ لەتیانکردمەوە
بە دوو ڕووباری گریەی ئەنفال و هەڵەبجەوە
لەبەر ڕەشەبای کێرد و بۆمبادا تل ئەدەم
گا بەدەستی میری بادینان و
گا بەدەستی قەڵەمڕەوی بابانەوە،

21.06.04

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET